# لەم تاكتيك و نەمانی سەبرەدا
# كورد لە كوێ ی گەمەكە دەبێت؟

**عمرشريف**
rojbin@maktoob.com

بۆش هەڕشەی ئەوە لە سەركردە عێراقیەكان دەكات كە ئارام گرتن و دان بە خۆدا گرتن سنوری هەیە !. بۆش باس لەوە دەكات ئەمریكیەكان لە عێراق لە دۆخێكدان لە دۆخی بوونی ئەمریكا لە ڤێتنام نزیكە , سەردانە لە ناكاوەكانی بەرپرسەكان بۆ ناوچەكە بۆ خۆیان ئاماژەی ئەوە دەكەن فایلی ناوچەكە و عێراق هێشتا زۆرترین كاری گەرەكە , گەمەكە بۆ خۆی بەردەوامە، بەلآم بۆش گوتەنی تاكتیكی نوێ ی پێویستە .

ئێستا عێراق رۆژانە دەیان كوژراو و تەقینەوە و كاری توند و تیژی تیا روو ئەدات , مانگی رەمەزان خوێناوی ترین مانگ بووە بۆ ئەمریكیەكان , عێراقی عەرەبی وەكو كێلگەی بەرهەم هێنانی گروپ و كاری تیرۆریستی لێهاتووە , هەر رۆژە و چەند دەمامك دارێك بە لافیتەیەكی رەشەوە دێنە سەر جەزیرە و بە ناهەق وبە ناوی خوا و پێغەمبەر و ئیسلامەوە خۆیان رادەگەیانن و بە ناهەق لە ژێر پەردەی ئاین و تایفگەری و توند و تیژی مەزهەب دەیان كەس سەردەبڕدرێن و بە درێل و برینە بە زیندوویی قوربانیەكان ئازار دەدەن ودەیان كوژن و سەریان لە لاشەیانجیا دەكەنەوە فرێ ئەدرێن وسوكایەتی بە بەها پیرۆزیەكانی مرۆڤ دەكەن, سەیر لەوەیە دەزگاكانی ئاسایشی و پۆلیسیەكانی عێراق دەستەوەستان تەماشا دەكەن،هەندێ جار! یش لێرەو لەوێ پەنجەی تاوان بۆ ئەوان درێژ دەكەن , سەرەڕای بوونی ژمارەیەك زۆر ئاسایش و پۆلیس كە چی نەتوانراوە دۆخەكە بە بارێكدا ببرێت كە چاوەڕوانی ئومێدی لێ بكرێت! سالٚ زیاترە لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق شەڕی ناوخۆی و مەزهەبی هەیە و قوربانیەكان خەلٚكی سبیل و سادە و ساكارن و لە سەر ناویان یا مەزهەبیان بە درندانەترین شێوە دەكرێنە قوربانی , تا ئێستا سەرەڕای بوونی دەستووری هەمیشەی هێشتا پەرلەمان نەیتوانیوە ببێتە خاوەن بڕیاری یەكلایكەرەوە نەخاسمە بۆ ( ئالآ و فیدرالی هەرێمەكان و ماددەی 140 و دابەشكردنی داهات و ئاوەدانكردنەوە وقەرەبوكردنەوە زیان لێكەوتوانی ئەنفال و قوربانیانی دەستی زولٚم و زۆری بەعس.. هتد ).

چاودێران پێیان وایە هەڕەشە و گورەشەی بۆش لە ژێر پالٚپستۆی كۆنگریس و كۆشكی سپی و نارەزایی دیموكراتیەكان و هاوكاری نەكردنی حكومەتە عەرەبیەكان بۆ سەركەوتنی بەرنامەكەی لە عێراق و ڕای گشتی ئەمریكیەكانەوە دێت , ناكارایی حكومەتی عێراق و زۆر بوونی ژمارەی كوژراوەكانی سوپای ئەمریكا لە عێراق و زیاد بوونی كارە تیرۆریستیەكان و فرەبوونی خەرجیەكانیان لە عێراق، ئەمانەش بارەكەیان زیاتر قورستر كردووە , لە چەند رۆژەی ڕابەردوودا هەندێ ناوەند و میدیاكانی جیهان باسیان لە بوونی ناكۆكی كرد لە نێوان حكومەتی عێراق و ئەمریكادا , هەر چەندە هەردوولا ئەم بۆچونەیان ڕەت كردەوە, بەلآم وەكو تێبینی دەكرێت ئەم ئەمراپانە لە خۆڕا باس نەكراوە ، وەك دەلێن ئەم ئاگرە بێ دووكولٚ نیە.

بە پێ ی لێدوانەكان و جولآنەوەی سیاسی ولآتە بالآ دەست و بڕیار بە دەستەكان ناوچەكە، گۆڕانكاری خێرا بە خۆیەوە دەبینێت، ئەم گۆڕان و دەستكاری لە بەرنامەی دارێژراوی پێشوو ڕەنگە هەر لە چوار چێوەی ( رۆژ هەلآتی تازە و رۆژ هەلآتی گەورە وكێشەی ئەتۆمی ئێران و پرسی pkk وتیرۆر) لە ناوچەكە،لە ئەجندای هەر بریارێكدا دەبێت بۆئایندەی ناوچەكە.

بۆئێمەی كوردیش هەقمانە بپرسین كورد تا چەند دەستی لە بریارە چارەنوسسازەكاندا دەبێت؟ داهاتوی كوردستان چۆن دەبێت؟زەمانەت لەبەشدار بوونی كورد لە م ئاییندە چاوەروان كراوەدا چیە؟چەند لەو بەلێن و پەیمانانە جێبە جێ كراوە

*که پێشتر به کورد درابوو؟ئەوەی جێبەجێ نەکراوە هۆکارەکانی چین؟شەقامی کوردی بۆ ئایندەی نزیك وەڵامی ئەم پرسیارانەو دەیان پرسیاری تریان دەوێت.*

*ئاماژە سەرتایەکان و ئەوەی بۆ هەر چاودێرێك دەردەکەوێت هێشتا کوردستان قورسایی خۆی هەیە لە هاوکێشەکاندا و توانای خۆی پاراستووە،بێ بەشداری پێکردنی کورد و aپاراستنی بەرژەوەندیەکانی هیچ بریارێکی سیاسی لە ناوچەکە ریزگرتن لە داخوازیەسەرەکیەکانی کورد سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت،بەڵگەش بۆ ئەم بۆچونە سەردانی ئەم دوایەی کۆندالیزا رایس وهاتنی راستەو خۆی سەفیری ئەمریکا زەلمای خەلیل زاد بۆ کوردستان و , هێشتنەوەی کۆبونەوەکان بەنهێنی و بەتەنها لەگەڵ کورد ، و لێدوانی هەندێ کۆنگریسمان و نەخشەی گالبریس و لێدوانەکانی ئەم دواییەی سەرۆك بارزانی،بۆخۆیان بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئەوەن لەم بەشەی ئەمجارەی گەمەکەدا کورد سەنگی خۆی دەبێت.*